# هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە کۆڕەوی خەڵکی کوردستان و بڕیاری 688 ی نەتەوەیەکگرتووەکان

**یاسین خالیدحسن، یاسین عزم علی**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی، عێراق

**پوختە** – لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە بەهاری 1991دا، حکومەتی عێراق، بڕیاریدا بە زەبری هێز جارێکی دیکە ئەو ناوچانە بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. ئەم بڕیارە کۆڕەوی ساڵی 1991 لێکەوتەوە و کارەساتێکی مرۆیی بەدوای خۆیدا هێنا، تا ئەو ڕادەیەی کە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان هاتنە دەنگ، لە ئەنجامدا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 688ی بەسەر عێراقدا سەپاند. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە ئەمریکا و ئێران چ ڕۆڵێکیان لە یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان لە دوای ئاوارە بوونیان هەبوو؟ هەڵوێستیان سەبارەت بە بڕیاری 688ی نەتەوە یەکگرتووەکان چی بوو؟ ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە وەسفی-شیکارییە و پشتی بە سەرچاوەکانی کتێبخانە بە تایبەتی توێژینەوە و بیرەوەرییەکان، ڕۆژنامەکانی هاوچەرخی ڕووداوەکان، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکان بەستووە. گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی ئامانجی هەریەک لە وڵاتانی ئێران و ئەمریکا، لە یارمەتیدانی کورد، گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بوو.

**کلیلە وشەکان**

کوردستانی عێراق، ئەمریکا، ئێران، کۆڕەو، بڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکان

## پێشەکی

دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان ڕاپەرینیان کرد و بۆ ماوەیەکی کاتی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق ڕزگار کرا، بۆ جارێکی دیکە حکومەت بڕیاری دا ئەو ناوچانە کۆنترۆڵبکاتەوە. هەواڵی گەڕانەوەی حکومەت بۆ ناوچە کوردستانیەکان, بووبە هۆکاری ئەوەی خەڵك بیر لە هەڵاتن بکاتەوە، چونکە بە هۆکاری ڕەفتاری خراپی حکومەت لە ڕابردوودا، پێیانوابوو جارێکی دیکە تۆڵەی ڕاپەڕین لە خەڵك دەکاتەوە، بۆیە زیاد لە ملیۆنێك لە دانیشتوانی خەڵکی کوردستان ئاوارەی ئێران بوون، ئەوە جگە لە ئاوارەبوونی نزیکەی نیو ملیۆن کە پەڕاگەندەی ناوچە سنورییەکانی وڵاتی تورکیا بوون.

ئەو کارەساتە مرۆییە کە بەسەر خەڵکی ئاوارەی کورددا هات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاندا، ئاوڕێك لە و خەڵکە بدەنەوە، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 688ی تایبەت بە پاراستنی خەڵکی کوردستان و عێراق دەرکرد، کە تێیدا سەرکۆنەی حکومەتی عێراقی کرد. بەشێك لە وڵاتان لە دەرکردنی بڕیارەکە ڕۆڵیان هەبوو، لەناویاندا ئەمریکا کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە هەبوو، هاوکات ئێرانیش چەند بیرخەرەوەیەکی تایبەت بە دۆخی ئاوارە کوردەکانی پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، هەڵوێستی دوو دەوڵەتی دژبەیەکی وەک ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە دۆخی ئاوارە کوردەکان ودەرکردنی بڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕوون دەکاتەوە، بە تایبەت ئەوەی بە پاراستنی خەڵکی سڤیلی عێراق دیاری کراوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوە ڕوونکردنەوەی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراقە لەپاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991, بەتایبەتی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان و بڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەرخستنی ئەو ململانێو بەریەککەوتنەیە کە لەنێوان هەڵوێستی ئەمریکا لە ڕووداوەکان و هەروەها بەرژەوەندیەکانی ئێران لەناوچەکە هاتە ئاراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکیەك و دوو بەش و دەرئەنجامێك پێکدێت، بەشی یەکەم بەسەر دوو تەوەردا دابەشدەبێت ، تەوەری یەکەم باس لە هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر شاری کەرکوك لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران دەکەین، تەوەری دووەم کۆڕەو لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و ئێراندا دەخەینەڕوو، بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە بڕیاری 688ی نەتوەیەکگرتووەکان دەخەینە ڕوو، تەوەری دووەم باس لە ڕۆڵی ئەمریکا و هەڵوێستی ئێران لە دروستکردنی ناوچەی ئارام دەکەین.

## بەشی یەکەم
## کۆڕەوی خەڵکی کوردستان لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکاو ئێراندا

### 1- هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر شاری کەرکوك لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و ئێراندا

ڕزگارکردنی شاری کەرکوك لە لایەن بەرەی کوردستانیەوە لە 20 ی ئاداری 1991 ڕووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی کورددا، چونکە بۆ یەکەمین جار کەرکوك، کەوتە

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 3(2023)؛ عدد الصفحات (8)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n3y2023.pp81-88

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 1 آذار 2023؛ قُبل في 12 نيسان 2023؛ نُشرت في 13 تموز 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: yasen.hassan@univsul.edu.iq, yasin.azam82@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2023 ياسين خاليدحسن، ياسين عزم علی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دەست هێزەکانی بەرەی کوردستانی ،(1) تا بەر لە ڕزگارکردنی کەرکوك، سوپای عێراق لە بەرامبەر  هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەرگریەکی ئەوتۆی نەکرد، بەڵام  لە شاری کەرکوك حکومەتی عێراق زۆر بە توندی بەرگری کرد، تەنانەت دوای ئەوەی شارەکەشی لە دەستدا، بڕیاریدا ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی کوردی کەرکوك وەك بارمتە لەگەڵ خۆی ببات، کە زۆرینەیان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە بوون، ئەوە جگە لە تۆپبارانکرنی کوێرانەی شارەکە لە ڕێگەی ناپاڵم و تۆپی دوور هاوێژ و بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی سەمتی لە موشەك بارانکردنی شارەکە.( الحمداني، 2011، 167)

بە بڕوای فەرەیدون عەبدولقادر نەدەبوو کورد لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوك پەلەبکات، چونکە ئەو شارە بە شادەماری ئابوری عێراق دادەنرا، هاوکات بە هۆکاری زۆری یەدەکی نەوت لە کەرکوك بەرژەوەندی زۆر وڵاتی گەورەی جیهانی پێوە بەسترابوو، چونکە بە شێك لەو وڵاتانە کڕیاری نەوتی عێراق بوون، بەهۆکاری ئەوەی کورد نەیدەتوانی نەوتەکە هەناردە بکات، بۆ ئەو وڵاتانەی کە پێویستیان پێیبوو، بۆیە لە بەرژەوەندیان نەبوو کورد دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرێت.(چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، فەرەیدون عەبدولقادر)

دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر شاری کەرکوکدا گرت، حکومەتی عێراق هەموو تواناکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو شارە بخاتەوە بندەستی خۆی، لەگەڵ ئەوەی لە لایەن ئەمریکاوە، ڕێگە بە عێراق نەدەدرا فڕۆکەی جەنگی بەکار بهێنێت،بە پێی ڕێکەوتنی سەفوان کە لە 3ی ئاداری 1991 لە نێوان هاشم سوڵتان وەزیری بەرگری عێراق و ژەنەراڵ نورمان شوارتزکۆف نوێنەری ئەمریکا و هاوپەیمانان، عێراق مافی بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی پێدرا، بۆ گواستنەوەی لێپرسراوانی باڵای عێراق،(قرداغی، 282021/18) حکومەتی عێراق بیانوی هەبوو کە بۆ ئامانجی مرۆیی و گەیاندنی خواردن و یارمەتی پێویستی بەوە هەیە کە ڕێگەی ئاسمانی بەکار بهێنیت، چونکە لە ئەنجامی شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بەشێك لە پرد و ڕێگاوبانەکان تێکچووبوون،( چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ، سەعدی پیرە) بەم بیانووە حکومەت چەند فڕۆکەیەکی بەکارهێناو بەشێك لەو ناوچانە بۆمبارانکرد ، ئەمریکا نەیدەویست حکومەتی عێراق بکەوێت، بۆیە بە شێوەیەکی کاتی ڕێگەیدا فڕۆکە بەکاربهێنێت بۆ کۆتاییهێنان بە ڕاپەڕینەکانی باشور و  دەرکردنی هێزە کوردیەکان لە کەرکوك، هەربۆیە دوای جێبەجێبوونی پلانەکەی ڕاستەخۆ دەستوەردانی کرد و ڕێگەی لە عێراق گرت بۆ دەستگرتن بەسەر شارەکانی دیکە پێشڕەوی زیاتر بکات ، کە کەوتبوونە دەست هێزەکانی بەرەی کوردستانی.(السلمي، 2015، 52) لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا چەند فڕۆکەیەکی خستە خوارەوە، بەڵام هەرخۆشی ڕێگەیدا کە حکومەتی عێراق ئەو فڕۆکانە بەکاربهێنێت، ئەوەش هەلی دایە دەست حکومەتی عێراق جارێکی دیکە بەشێك لەو ناوچانە بخاتەوە بندەستی خۆی.( داغلی،بێ ساڵی چاپ، 81) جەلال تاڵەبانی باس لەوە دەکات لەکاتی دانوستانی بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عیزەت دوری، نوێنەری حکومەتی عێراق بە بارزانی وتبوو"کاتێك ئێوە کەرکوکتان داگیر کرد ئێمە چرای سەوزمان بۆ هەڵکرا بۆ ئەوەی شارەکە بگرینەوە" نازانرێت مەبەستی  لە هەڵکردنی چرای سەوز ئەمریکا بوو یان تورکیا.(ڕەشید، 2017، بەرگی دووەم، 179).

بابەتی ڕزگارکردنی کەرکوك لە لایەن بەرەی کوردستانیەوە  بووبە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، دەستی هێزە گەمارۆدراوەکەی حکومەتی عێراقیان ئاوەڵا کرد، ئەوانیش کەوتنەگیانی ڕاپەڕین و ڕاپەڕیوانی خەڵکی کوردستان و شاری کەرکوك.( عبدالناصر، 2011، 60) تەنانەت ئەمریکا پەیامی خۆی گەیاندە هێزە کوردییەکان بەوەی کە دەبێت هەرچی زووە شاری کەرکوك چۆڵ بکەن، لایەنە کوردییەکانیان لەوە دڵنیا کردەوە کە ئەوان هیچ جۆرە هاوکارییەکی کورد ناکەن ئەگەر بیەوێت لە شاری کەرکوك بمێنێتەوە،( چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، مەحمود عوسمان)، هەر بۆیە حکومەتی عێراق لە ڕۆژی 28ی ئاداری 1991دا شاری کەرکوکی خستەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.( عونی، 1993، 112) ئەمریکا، جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت کێشەیەکی ناوخۆییە و ئەوان دەستوەردان ناکەن، بەوەش پەیامی خۆی گەیاندە لایەنە کوردیەکان، کە لە ڕزگارکردنی شاری کەرکوك و پاراستنی شارەکە یارمەتیان نادات، جگە لەوەش پێشتر ئێرانیەکان، بەڵێنی ئەوەیان بە هێزە کوردیەکان دابوو کە یارمەتیان دەدەن و ئامادەیی خۆیان نیشاندابوو بۆ ئەوەی کادری تەکنیکی بۆ دەنێرن بۆ چاککردنەوەی ئەو تۆپهاوێژانەی کە دەست هێزەکانی پێشمەرگە کەوتبوون، بەڵام ئەوانیش بەڵێنەکەی خۆیان نەبردە سەر،( قرداغي، 2021/2/18)  دوای ئەوە لە هەموو قۆڵێکەوە هێرشی پێچەوانەی ڕژێم بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان دەستپێیکرد .(عبدالقادر، 2020، 602-603)

کاتێك سوپای عێراق بڕیاری بەکارهێنانی فڕۆکەیدا بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی کەلە ئەنجامی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە لە دەستی دابوو، جەنەراڵ نورمان شوارتزکۆف، فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو ڕایگەیاند "ئەوان فەرمانیان پێکراوە هێرش نەکەنە سەر فڕۆکەکانی عێراق، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە ببنە مایەی مەترسی بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمانان"،( روزنامەجمهوری اسلامی، 5ی فروردین 1370،) ئەوەش لەسەرەتادا فرسەتی دا بە دەسەڵاتدارانی عێراق سوود لەو دۆخە وەربگرن و فڕۆکەکان بۆ مەرامی سەربازیی بەکاربهێنن، ئەوە لە کاتێکدا بوو شوارتزکۆف بۆ خۆی ئاگاداری ئەوە بوو کە عێراق فڕۆکەی بۆ مەرامی سەربازیی بەکارهێناوەو ڕایگەیاند ئەوان لەو بارەیەوە هۆشدارییان بە عێراق داوە.( روزنامەجمهوری اسلامی، 5ی فروردین 1370)

ئێران، ئەو ڕووداوەی قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر هەڵوێستی ئەمریکا و پێشاندانی ئەوەی کە ئەمریکا تەنها بەدوای قازانج و بەرژەوەندی خۆی کەوتووە، هەربۆیە ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی، لەستونێکدا سەبارەت بە هێرشی پێچەوانەی حکومەت بۆ سەر شاری کەرکوك و یارمەتینەدانی هێزە کوردییەکان، باس لەوە دەکات ئەمریکا، خۆی گڵۆپی سەوزی بۆ حکومەت هەڵکرد بۆ ئەوەی هێرش بکات، تەنانەت بۆ سەرکوتکردنی هێزە کوردییەکان ڕێگەیدا بە حکومەتی عێراق سوود لە چەکی قەدەغەکراویش ببینێت ، نەتەوەیەکگرتووەکان لە تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقبە رامبەر بە کورد و گەلەکەی بێدەنگ بوو، ئەوە لە کاتێکدایە کە پێشتر چەندین بڕیارنامەو ڕاسپاردەیان دژ بە حکومەتی عێراق دەرکرد، کاتێك کوەیتی داگیر کرد، بەڵام لە لەو کاتەدا بێدەنگبوون، چونکە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا ناگونجێ، ئەوانیش چاوی خۆیان لێداخستووە.( روزنامە جمهوری اسلامی،10 فروردین 1370)

هێزەکانی حکومەت جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کەلە ئەنجامی ڕاپەڕینەکە لەدەستیاندابوو، دوای ئەوەی سوپای عێراق بەتەواوی تەنگی بە هێزەکانی بەرەی کوردستانی هەڵچنی، لە پەیامێکیدا بۆ نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند پێویستە بە زوویی داوا لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بکەین فریای کورد بکەون.(ڕەشید، 2022، 120)  سەبارەت بە هۆکاری شکستی ڕاپەڕین و گەڕانەوەی هێزەکانی حکومەت بۆ شارو شارۆچکەکانی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، باس لەوە دەکات کە سەرباری کێشە ناوخۆییەکانی هێزەکانی بەرەی کوردستانی و کەم توانایان لە ڕوی سەربازییەوە، ڕاپەڕینەکە لە یارمەتی دەرەوە بەتایبەتی دەوڵەتانی دراوسێ بێبەش بوو ، ئێرانیەکان ڕۆڵێکی خراپیان گێڕا، سنورەکانی

خۆیان بەرووی ڕۆژنامەنووسە بیانیەکاندا داخست ، ئەوە لەکاتێکدا بوو سنورەکانیان ئاوەڵا بوو بۆ ئاودیوکردنی ئەو چەك و تەقەمەنیانەی کە لە لایەن هێزەکانی بەرەی کوردستانیەوە دەستی بەسەردا گیرابوو.(ڕەشید، 2017، بەرگی دووەم، 190)

کاتێك بەرگری لە هێزە کوردیەکان و جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان نەکرد، سەرۆکی هەردوو پارتە گەورەکەی کوردستان، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، پەیامێکی هاوبەشیان ئاراستەی سەرۆکی ئەمریکا کرد، لە پەیامەکەیاندا سەرۆکی ئەمریکایان بەوە تۆمەتبار کرد کە پەشیمان بووەتەوە لە هاوکاریکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق(مك داوڵ، 2008، 442)، لەکاتێکدا خۆی بە شێوەیەکی کەسی داوای لە گەلی عێراق کرد ڕاپەڕن و کۆتایی بە دەسەڵاتی دڕندانەی سەدام حسێن بهێنن. جگە لەوەش هەردوو سەرکردە کوردەکە داوایان لە ئەمریکا کرد، ڕێگری بکات لەوەی کە حکومەتی عێراق وەك جارانی پێشوو جینۆسایدی گەلی کورد بکات(lamberd,1997, 73 ).

سەبارەت بە هاوکاری نەکردنی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی کوردستان، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەیکەر، ڕونیکردەوە کە کوردەکان بە هەڵە لە سەرۆك بوش تێگەشتون، ئەو وتیشی سەرۆك بوش، هەرگیز بەڵێنی ئەوەی بە گەلی عێراق نەداوە کە هاوکاری سەربازیان دەکات، تەنها داوای کردووە خۆیان ڕاپەڕن، بۆیە ئەوەی بە هەڵە تێگەشتنی سەرکردە کوردەکان لێکدایەوە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق ، بەیکەر ئاماژەی بەوەش کرد خێرایی ڕوداوەکانی عێراق دوای جەنگ وەك ئەوەی ئەمریکا پێشبینی کردبوو بەردەوام نەبوو، ئێمە هیوامان وابوو کە سەدام حسێن، دوای ئەو شکستە لە دەسەڵات نەمێنێتەوە(lambard,1997, 74).

## 2- کۆڕەو لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و ئێراندا

دوای ئەوەی مەترسی گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان پەنایان بۆ هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران برد، بە بڕوای دانیشتوانی کوردستان ڕەنگە حکومەتی عێراق جارێکی دیکە وەك تۆڵەکردنەوە کۆمەڵکوژی لە خەڵك بکات، چونکە ڕژێمی بەعس لە ڕابردوو توندووتیژی دژی بەکارهێنابوو دژ بە گەلەکەی و هیچ بەهایەکی بۆ کۆمەڵگای کوردی دانەنابوو( جالیان، 2012، 367)، لەسەرەتای کۆڕەوەکە هەندێك لە چەکدارەکان" پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" ویستیان ڕێگە لە خەڵك بگرن و نەهێڵن شار بەجێبهێڵن، لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە سەرکەوتوو بوون و هەندێك لە خەڵکیان گەڕاندەوە، بەڵام کاتێك کۆچی بە لێشاوی خەڵك دەستیپێکرد ئیتر لە توانای چەکدارەکاندا نەبوو ڕێیان پێبگرن، جەلال تاڵەبانی لەڕێگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە داوای لێکردن شاری سلێمانی چۆڵ نەکەن، پێشمەرگە بەرگریان لێدەکات، بەڵام ئەو داوایەی تاڵەبانیش سوودی نەبوو،(ڕەشید، 2017، بەرگی دووەم، 264)بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی سلێمانی و دەوروبەری ڕوویان کردە وڵاتی ئێران، دانیشتوانی شاری دهۆك و هەولێریش بەزۆری ئاوارەی سنورەکانی تورکیا بوون(Marr, al- marashi ,2017, 185) . شایەنی ئاماژە بۆ کردنە کۆماری ئیسلامی ئێران تەواوی سنورەکانی وڵاتەکەی خۆی بەڕووی ئاوارەکوردەکاندا کردەوە.(کوردە، 2018، ل86) لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەو هەڵوێستەی ئێران بەرز نرخێندرا، بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی و چەندین جار داوای لە وڵاتانی دونیا کرد هاوکاریەکانیان بگەیەننە دەستی ئێران بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکی لێقەوماوی کوردستان دابەشیبکات. ( عبدالناصر، 1997، 56) خاڵی ئیجابی ڕاپەڕینەکە ئەوە بوو کە ڕۆژنامەنووسە بیانیەکان ئەوانەی کە پێشتر ئامادەی گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگی دووەمی کەنداو بوون، جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەشێکیان توانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو کارەساتەی کە لە ئەنجامی کۆڕەوەکە بەسەر کورددا هات ، بۆ جیهان بگوازنەوە ، ئەوەش ڕای گشتی جیهانی بۆ میللەتی کورد هاوسۆزکرد( عونی، 1993، 112). سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە وەك ئاوارە ڕوویان لە ئێران کرد، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە باسیان لەوە کرد زیاتر لە ملیۆنێك لە دانیشتوانی شاری سلێمانی ئاوارەی ئێران بوون، بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە عێراقی تورە کرد، بۆیە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی(الجمهوری) وەڵامی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران درایەوە، ڕۆژنامەکە باسی لەوە کرد کە دانیشتوانی سلێمانی کەمترە لەو ژمارەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران باسی لێوە دەکەن، جگە لەوەش چۆن دەکرێت لەماوەی یەك ڕۆژدا ملیۆنێك کەس کۆچ بکات، تەنانەت ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە شاری سلێمانی هەن توانای گواستنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکیان نیە، ڕۆژنامەکە بەتەواوی هەواڵی کۆچکردن و پەنابردنی ئەو ژمارە زۆرەی کورد بۆ ئێرانی بەدرۆخستەوە،(جريدة الجمهورية، 1991، 7846) بەڵام خۆی لە باسکردنی کۆچ و ڕەوی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستان لە ترسی گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچەکانیان بە دووورگرت.

دوای کۆچی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوانی کوردستان بۆ هەردوو وڵاتی دراوسێی عێراق"تورکیا و ئێران" ئیتر نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاش، ناچار بوون بێنە دەنگ و هاوکاریەکانی خۆیان بگەیەن بەو خەڵکانەی کە لە ناوچە سنوریەکانی هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێراندا گیریان خواردبوو.( کرمی، 1378، 12) ، یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بەناوی" لڤین، بڕیارنامەیەکی پێشکەش بە سەۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕۆژی 9ی نیسانی 1991دا کرد، لە بڕیارنامەکەیدا داوای لە سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش کرد بە زووترین کات کۆتایی بە کۆمەڵکوژی کوردەکانی عێراق بهێنێت، هاوکات وڵاتەکەی زۆر درەنگ لە ڕاوەستاندنی ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر کوردەکانی عێراقدا هێنرا دەستبەکاربوو ، ئەو باسی لەوە کرد سەدان هەزار کورد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە و ئاوارە بوون، هەزاران کەس مردوون، هەزارانی دیکەش لە مەترسی برسێتی و ڕەقبوونەوەن بە هۆی سەرما و سۆڵەوە، دەستبەکار نەبوونی ئەمریکا بۆ خستنەخوارەوەی فڕۆکەکانی سەدام کە بە شێوازێکی دڕندانە هێرشیان کردۆتە سەر خەڵکی کورد، بووەتە هۆکاری کوژرانی خەڵکێکی زۆر، بۆیە ئەگەر ئەمریکا دەستەوەستان بمێنێتەوە ئەوا خەڵکێك لەو ناوچانە نامێنێتەوە و هەموویان دەکوژرێن، سەرکەوتنی ئەمریکا لە دەرکردنی سەدام لە کوەیت نابێت ببێتە هۆکاری ئەوەی پشت لە کوردەکان بکات، چونکە کوردەکان پێویستیەکی زۆریان بە هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە(میهۆ، 2009، 369) بە پێی ئامارەکان ژمارەی ئەو هاوڵاتیەکوردانەی کە ئاوارەی ئێران بوون نزیکەی ملیۆنێك و سێ سەد هەزار کەس بوون، ئەوە لە کاتێکدابوو ژمارەی ئەو کوردانەی کە ئاوارەی تورکیا بوون سێ سەدو سی هەزار کەس بوو، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لە هاوکاریکردنی ئەو کوردانەی کە لە ناوخاکی ئێراندا بوون، لە چاو ئەو کوردانەی کە لە ناوخاکی تورکیا بوون، جیاوازیەکی زۆر هەبوو، بۆ نمونە ئەو هاوکاریە داراییە نێودەوڵەتیانەی کە پێشکەش بە ئاوارەکانی ئێران کرا بڕی 128 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئەو ئەو هاوکاریە داراییە کە خرایە خزمەت ئاوارەکانی تورکیا 248 ملیۆن دۆلار بوو، ئەوە لە کاتێکدایە ژمارەی ئاوارەکانی ناو خاکی ئێران نزیکەی سێ هێندەی ئاوارەکانی ناوخاکی تورکیا بوو.( فریلیك، 2002، 420) بەهۆکاری ئەوەی تورکیا ڕێگری لە بەشێکی زۆر لە ئاوارەکانی کوردستان کرد، ژمارەی ئەو کەسانەی ئاوارەی تورکیا بوون، زۆر کەمتر بوو لەوانەی کە ئاوارەی ئێران بوون، چونکە ئێران خۆی سنوری وڵاتەکەی خستەسەرپشت.(حق پناه، 1387، 54)

به بڕوای دەسەڵاتدارانی ئێران کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێدانی یارمەتی بە ئاوارە کوردەکان جیاوازی کردووە ، هەر بۆیە سەبارەت بە یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان بۆ ئاوارەکانی ناو خاکی ئێران، ئەحمەد خومەینی کوڕی ئایەتوڵا خومەینی، ڕایگەیاند "ئەو یارمەتیانەی کە پێشکەش بە ئێران کراوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئاوارەکان تەنها پێداویستی 10 هەزار نەفەر پڕدەکاتەوە لە کاتێکدا ئاوارەکان زیاتر لە ملیۆنێك دەبن، جگەلەوەش باسی لە جۆری یارمەتیەکان کرد کە شتانێکن بەکەڵکی ئاوارەکان نایەن".( روزنامە اطلاعات، 16 اردیبهشت 1370)

سەبارەت بە هاوکاریە داراییەکانی ئەمریکاش بۆ خەڵکی کوردستان جیاوازیەکی بەرچاو هەبوو، ئەو یارمەتیە داراییەی ئەمریکا کە بڕەکەی 207 ملیۆن دۆلار بوو، تەنها لە 10% ی درا بەو کوردانەی کە لەناو خاکی ئێراندا بوون( فریلیك، 2002، 421)، بەلای ئەمریکاوە ئەوە گرنگ نەبوو کە ئاوارەکان چیان پێویستە، بەڵکو ئەوە گرنگ بوو لەکاتی ئاوارەبوونیان ڕوو لە کام وڵات دەنێن، ئەو ئاوارانەی ڕوویان لە سنورەکانی تورکیا کرد، بەهۆکاری نزیکی ئەمریکا و تورکیا لە یەکتری هاوکاری زیاتر کران، بەڵام ئەوانەی ڕوویان لە ئێران کرد تۆڵەی ئەوەیان لێکرایەوە کە چوونەتە ناو خاکی وڵاتێك کە دوژمنی ئەمریکایە، بۆیە زۆر بەکەمی هاوکاری کران، ئەو یارمەتیانەشی کە پێشکەشیان کرا سوودێکی ئەوتۆی پێنەگەیاندن.( جالیان، 2012، 370)

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە دانیشتنی 9ی نیسانی 1991دا، داوای لە سەرۆکی ئەنجومەن کرد، یارمەتی ئەو کوردانە بدرێت کە ئاوارەی ئێران بوون، وەك چۆن یارمەتی ئەوانە دەدرێت کە ئاوارەی تورکیا بوون، هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە ئێران  داوای هاوکاری نێودەوڵەتی دەکات بۆ یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان، بۆیە پێویستە وەڵامی داواکەی ئیران بدرێتەوە. (میهۆ، 2009، 377).

سەبارەت بە کەمی هاوکاری ئەمریکا بۆ ئەو کوردانەی کە ئاوارەی خاکی ئێران بوون، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش لە میانی وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنوساندا ئاماژەی بەوە کرد "بە لێ ئەوە ڕاستە ئێمە هاوکاری ئەو ئاوارەنەمان کەم کردووە، بەڵام دەبێ هەموو لایەك ئەوە باش بزانێت کە لە ئێستادا پەیوەندیەکانی نێوان ئێمە و ئیران بە جۆرێکە ئەستەمە بتوانین هەماهەنگی بکەین لەو بارەیەوە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەوڵی خۆمان داوە بەڵام بێ سوود بووە، هاوکات ئاماژەی بەوە کرد کە لایەنەکانی دیکە ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە بۆیە ئەو بابەتە جێگەی نیگەرانی نیە".( روزنامە کیهان، 31 فروردین 1370)

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێرانی زۆر بە گەرم و گوڕی ڕۆژرانە هەواڵ و بارودۆخی ئاوارە کوردەکانی خستۆتەڕوو، دواتریش وایان نیشاندا کە ئەوان هاوسۆزی گەلی کورد و ئەو ئاوارانەن کە لە دۆخێکی نالەباردان، ئێران بە هەموو توانایەکیەوە حزمەتی کردوون، ڕۆژنامەی اتلاعات لە زاری نێردەی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان " سەدرەدین ئاغاخان" ڕایگەیاند  یارمەتیەکانی کۆماری ئیسلامی و خەڵکەکەی بۆ ئاوارە کوردەکان بووەتە مایەی سەرسوڕمانی تەواوی وڵاتانی دونیا، ئەوەشی دووپات کردەوە ئێران بە بێ هاوکارییە دەرەکیەکانیش زۆر هاوکاری و یارمەتی ئاوارەکانی داوە، لەگەڵ ئەوەی کۆمەکە نێودەوڵەتیەکان زۆر کەم بوون ئەگەر بەراوورد بکرێن بە ژمارەی ئاوارەکان، بەڵام ئێران درێغی نەکردووە .( روزنامە اطلاعات، 21 اردیبهشت 1370)

## بەشی دووەم

## بڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نێوان هەڵوێستی ئەمریکا و ئێراندا

### 1- هەڵوێستی ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە بڕیاری 688ی نەتوەیەکگرتووەکان

ئەو کۆمەڵکوژیی و بارودۆخە ترسناکەی دوای ڕاپەڕین بەسەر کورددا هات، مایەی تورەیی و بێزاریی بەشێکی زۆر لە وڵاتە ئەوروپیەکان بوو، هاوکات جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا و ئیدارەکەی، لای دانیشتوانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانیشی لە ئەوروپا توشی ڕەخنەیەکی زۆر بوونەوە ، بەشێك لە دانیشتوانی ئەوروپا و ئەمریکاش ئەوەی بەسەر کورددا هات بە ناپاکیان لەقەڵەمدا و داوایان کرد ئەو هەڵە ڕاستبکرێتەوە.( لازاریف، 2008، 575) سەبارەت بە دۆخی ئاوارەکان، نوێنەری تورکیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی 2ی نیسانی 1991 و دواتریش نوێنەری فەرەنسا لە ڕۆژی 4ی نیسانی هەمان ساڵ یەك لە دوای یەك نامەیەکیان دایە نەتەوەیەکگرتووەکان، سەباری چەندین خاڵی تایبەت بە پاراستنی کورد و نەتەوەکانی دیکەی عێراق، بەڵام لە پەیامەکەیاندا جەختیان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و ڕێگریکردن لە دابەشبوونی کردەوە.( جالیان، 2012، 168) حکومەتی ئێرانیش لەو وەختەدا لە پێدانی چەند بیرخەرەوەیەك بە کۆمەڵەی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بارودۆخی کورد و داواکاری پاراستنیان لە دەست حکومەتی عێراق بەشداریکرد، چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد ئاوارەی ئێران بوون.(حەمەکەریم، 2013، 93-94؛ محمود، بدون سنة النشر، 7) لەسەر بنەمای ئەم ڕاسپاردانە، لە ڕۆژی دواتر بەهۆکاری کاردانەوەی توندی سەدام، بەرامبەر بە کوردەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان  لە 5ی نیسانی 1991بڕیارنامەی 688 پەسەندکرد،( رومینا، بیدار، 1397، 9 ؛ مخول، 2013، 249) پەسەندکرنی بڕیارەکە پەرچەکرداری وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا بوو، لەپای کۆچی بەکۆمەڵی کورد، بۆ وڵاتانی دراوسێ،( نیا، رضا، 1385، 18) لە پڕۆژە بڕیارەکەدا سەرکوتی خەڵکی سڤیلی عێراقی بەتایبەتی لە ناوچە کوردنشینەکان شەرمەزارکرد، هەر لە پڕۆژەکەدا، ئەو ڕێکارانەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بەرامبەر خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی گشتی و کوردەکان بە شێوەیەکی تایبەتی گیرابوونەبەر ، سەرکۆنە کرا. داواشکرا بەزوویی کۆتایی بە سەرکوتکاریەکانی حکومەتی عێراق بهێنرێت(محمد، 2020، 80)، چونکە بە بڕوای ئەو وڵاتانە ئەوەی حکومەت کردی بەرامبەر بە دانیشتوانی وڵاتەکەی پێشێلکاری ئاسایشی نێودەوڵەتیە.( احسان، 2000، 94) لەسەر بنەمای پڕۆژە بڕیارەکە لە دواتردا ڕێگە درا بەوەی هەرێمێکی ئارام بۆ کوردەکان  دروستبکرێت بۆ ئەوەی بە ئارامی و ئاشتی تیاییدا بژین.( مەخموری، 2010، 116؛ محۆ، نەهمە، 2011، 74) )

ڕاگەیاندنی پڕۆژە بڕیاری 688 لە دوو ڕووە وە بۆ کورد گرنگ بوو، لەلایەك، ئەوە بۆ دووەمین جارە لە دوای ساڵانی 1924--1925 کە  ناوی لە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی هێنراوە. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوە بۆ جاری یەکەمە نەتەوەیەکگرتووەکان دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێکی ئەندامی خۆی دەکات، هەرچەندە پێشتر وابڕیابوو دەست وەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتان نەکات، بەڵام بەم هەنگاوە نەتەوەیەکگرتووەکان کەیسی کورد و ئەو نەتەوانەی دیکەش کە ژێردەستەن سوودێکی زۆریان بەرکەوت.( محمدی، خالدی، سلیم نژاد، 1389، 120)

بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارام بۆ کورد، لە کوردستانی عێراق، لەڕاستیدا سەرەتا پاڵنەری مرۆیی هەبوو، تا پاڵنەری سیاسی، سەرباری ئەوەش پڕۆژە بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارام زیاتر بە پاڵپشتی فەرەنسا و تورکیا بوو لە سەرەتادا، ئەمریکا دواتر هاتە ناو پڕۆژەکەوە و پەسەندیکرد،(ئەحمەد، 2020، 350) لەگەڵ

ئەوەی بڕیارەکە تایبەت بوو بە پاراستنی گیانی هاونیشتیمانیانی عێراق لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی بەعس، بەڵام لێکەوتەیەکی دیکەی وبڕیارەکە مایەی جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق عەرەبی بوو، لەڕاستیدا دوای بڕیاری 688 ئیتر پارتە کوردستانیەکان بیریان لە خۆبەڕێوەبەرێتی کردەوە، بەلای بەشێك لە سیاسیەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەو بڕیاری ئەمریکا بە ئامانجی سیاسی دەرکراوە، چونکە ئەوە ستراتیج و پلانی درێژخایەنی ئەمریکا بوو، بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە عێراق، ( هاشم، 2017، 80).

لەگەڵ ئەوەی بڕیاری 688ی ئەنجومەنی ئاسایش، گرەنتی پاراستنی کوردی لە هەر دەستدرێژیەکی حکومەتی عێراق کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا، وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ڕێگریانکرد. بە بڕوای ئەمریکا دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی دەخستە مەترسیەوە، چونکە تورکیا کە هاوپەیمانیەتی، سوریاش کە لە جەنگی دووەمی کەنداو هاوپەیمانی بوو، لەو بڕیارە نیگەران دەبوون، هاوکات نەیدەویست لەوە زیاتر ئێران بکاتە دوژمنی خۆی، جگە لەوەش بڕوایەك هەبوو کە بۆ ئەمریکا، واباشترە سەدام حسێن لە سەر دەسەڵات بمێنێتەوە و عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، چونکە لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق، ئەو دەوڵەتە شیعیە کە لە باشور دروست دەبێت دەچێتە ژێر دەسەڵاتی ئێران، بۆیە ئەمریکا پشتگیری پاراستنی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراقدا کرد.( عبدالناصر، 1997، 60)

سەرباری ئەوەی ئەمریکا بە ڕوونی ئەوەی پیشاندا، بەنیازی جیاکردنەوەی کوردستان و دەوڵەتی کوردی نین، بەڵام ڕۆژنامەی اطلاعات، لەزاری ئەحمەد خومەینی کوڕی ئایەتوڵا خومەینی، وتاریکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردبوو کە" ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگەی بڕیاری ناوچەی ئارامەوە بۆ دوور مەودا دەوڵەتی کوردی دروستبکات، هەر بۆیە ئێمە هەرگیز ناچینە ژێر باری گۆڕانکاری لە جوگرافیای سیاسی ناوچەکە، بۆ پاراستنی موسوڵمانانی ناوچەکەش تەواوی هەوڵی خۆمان دەدەین و دریغی ناکەین".( روزنامه اطلاعات، 16 اردیبهشت 1370)

لە ڕاستیدا کۆڕەو بارودۆخی خەڵکی کوردستانی گۆڕی، وڵاتانی دونیای ناچار کرد بەدەم خەڵکی لێقەوماوی کوردەوە بێن( محمود، بدون تاريخ النشر، 7)، بەتایبەتی ئەمریکا لەو وەختەدا سەرپەرشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکرد. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جەیمس بەیکەر دەڵێت" لەسەردەمی دەسەڵاتی من وەك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕووداوی گەورە ڕوویاندا ، بۆنمونە ڕوخانی دیواری بەرلین، هەرەسهێنانی سیستمی وڵاتانی سۆسیالیست، چەندین ڕووداوی تریش، بەڵام هیچ کام لەوانە بەئەندازەی ئەوە کاری تێنەکردم کاتێك منداڵی ئاوارەی کوردم بینی لەسەر بەفر کەوتبوون، بۆیە خۆم پێنەگیرا تابگەمەوە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەم لە تورکیا، ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەکەوە پەیوەندیم بە سەرۆکەوە کرد و وتم پێویستە ئێمە فریای ئاوارە کوردەکان بکەوین"(ڕەشید، 2017، بەرگی دووەم، 182-183).

لەمیانی سەردانێکی مەیدانیدا بۆ بینینی جێگەی مانەوەی پەنابەرە کوردەکان لە تورکیا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جەیمس بەیکەر، دوای بینینی کوردەکان و بارودۆخیان وتی پێویستە هەرچی زووە بڕیاری 688 بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانان سەبارەت بەوەی کە ئایا کوردەکان مافی سیاسیان هەیە، بەیکەر ڕایگەیاند" بەڵێ کوردەکان مافی سیاسیان هەیە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆ دروستبکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە مافی ئەوەیان هەیە بە ئاشتی و ئازادی لەو وڵاتەدا بژین کە خۆیان هەڵی دەبژێرن"( مخول، 2013، 259).

ئەو سەردانە کورتخایەنەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بینینی ئەو کوردانەی کە ئاوارەی تورکیا بوون، لەگەڵ ئەوەی تەنها چارەکە سەعاتێکی خایاند، بەڵام ڕۆڵیکی گەورەی لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد هەبوو. چونکە ئەو لێکەوتانەی لە سەردانەکەی بەیکەر کەوتەوە، بە گەورەترین هەڵمەتی یارمەتیدان دادەنرێت. ئەو لەماوەیەکی کورتدا پەیوەندی کرد بە هەر یەکە لە سەرۆك بوش و وەزیری بەرگری وڵاتەکەی، جگە لە پەیوەندی کردن بە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵەکانی وەزیری دەرەوە سەرۆك بوشی هاندا ئەگەر بەشێوەیەکی هێواشیش بێت، کۆتایی بە دووەرەپەرێزی وڵاتەکەی لەسەر مەسەلەی ئاوارە کوردەکان بهێنێت و بێتە سەر هێڵ بۆ هاوکاریکردنی ئەو کوردانەی کە وڵاتەکەی هۆکار بووە بۆ ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەریاندا هاتووە.( راندال، 2007، 92-93)

### 2- ڕۆڵی ئەمریکا و هەڵوێستی ئێران لە دروستکردنی ناوچەی ئارام

بڕیاری دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان لەسەرداوای سەرۆککۆماری تورکیا(تورگت ئۆزال) کە داوای لە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا(جۆن مێجەر) کرد داوایەك بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان لە باکوری عێراق پێشکەشبکات.( عونی، 1993، 112). داواکەی ئۆزال مەترسی بوو لە کۆچی ملیۆنی کورد بۆ وڵاتەکەی و تێکەڵ بوونیان بە کوردەکانی تورکیا، نەوەك لە داهاتوو کێشەی بۆ دروستبکەن،( عیسا، 2005، 427)، جگە لەوەش وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند "وڵاتەکەی بەتەنیا ناتوانێت یارمەتی ئەو هەزاران پەنا بەرە کوردە بدات کە لە عێراقەوە ڕویان لە وڵاتەکەی کردووە"(مخول، 2013، 259). دامەزراندنی ناوچەی ئارام بۆ کورد زۆر گرنگ بوو، چونکە ڕزگاریکردن لە مەترسی گەڕانەوەی سوپای عێراق و سەرکوتکردنی دانیشتوانەکەی.

لەڕاستیدا بەریتانیا و فەرەنسا و بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپی لە بارودۆخی کوردە ئاوارەکان زۆر نیگەران بوون ، بەڵام لەوە دڵنیا بوون ئەوان بەتەنها ناتوانن بەدەم داواکاری ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرانەوە بچن، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی پەنایان بۆ بردبوو ناوچەی شاخاوی و سەخت بوون، تەنها بەرێگەی ئاسمانی نەبێت، ئاسان نەبوو یارمەتیان پێبگات، بۆیە تەنها لە توانای ئەمریکادا هەبوو بتوانێت بە خێرایی هاوکاری لۆجستی بگەیەنێتە ئەو ناوچانە، ئەوە سەرباری ئەوەی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بێ ئەمریکا مەحاڵ بوو سەربگرێت، بۆیە فەرەنسیەکان و بەریتانیەکان قەناعەتیان بە ئەمریکا هێنا بۆ ئەوەی بڕیاری 688 بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ناوچەیەکی پارێزراو بۆ کوردەکان دروستبکات، ڕێگە نەدات ئاسمانی ئەم ناوچەیە لە لایەن فڕۆکەکانی حکومەتی عێراقەوە ببەزێندرێت.( راندال، 2007، 94)

ئەمریکا ئامادەیی وڵاتەکەی پیشاندا بە یارمەتیدانی ئاوارە کوردەکان و بەردەوامیدان بە پێدانی کۆمەك و یارمەتی مرۆیی لەڕێگەی ئاسمانیەوە، بەڵام سەبارەت بە دابینکردنی جێگەیەك لەناو خاکی عێراق، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە ژێر سەرپەرشتی چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارە کوردەکان، ئەو هەنگاوە بە توندی ڕەتکرایەوە، حکومەتی عێراق، ڕایگەیاند ئەوان هەموو ڕێگایەك بۆ ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەگرنە بەر ، جۆن مێجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتی "بوونی سەربازی پێویستیەکی هەنوکەییە و پێویستە ئەو سەربازانەش کە دەچنە ناو خاکی عێراق لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بێت".( جريدة الجمهوری، 10 نیسان/1991)

لەبەر ڕۆشنایی بەندەکانی پڕۆژە بڕیاری 688ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ڕۆژی 17-18ی نیسانی 1991دا ئەمریکا ناوچەی دژە فڕینی بەسەر عێراقدا سەپاند،( خاروداکی، 2011، 303) کە دەکەوتە نێوان هەردوو هێڵی 36ی باکور و هێڵی 33 لە باشور، لەگەڵ ئەوەی شاری کەرکوك زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، هاوکات شاری موسڵیش دانیشتوانێکی زۆری کوردی لێیە، بەڵام نەکەوتنە ناو سنوری ناوچەی ئارام، ئەوە ڕەنگە بەهۆکاری ئەوە بێت لەم دوو شارە نەوتێکی زۆر هەیە، بۆیە لەو وەختەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێیان باش بوو ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بمێنێتەوە،( جفره، منتی، رهگویی، 1390، 66) ئەوە جگە لە ناردنی هێزی هاوبەشی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسابۆ پاراستنی کوردستان لە هەر دەستدرێژیەکی حکومەتی عێراق.( العزاوی، 2009، 43؛ الدهان، 2022، 276) هەر بە پێی پڕۆژە بڕیاری دژە فڕین، حکومەتی عێراق ناچار کرا تەواوی هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی خۆی لە ناوچەی دژە فڕین بکشێنێتەوە، ئەوە سەرباری پێدانی گرەنتی پاراستنی کورد، لە هەر دەستدرێژیەکی زەمینی یان ئاسمانی سوپای عێراق.( قمحة، 1996، 136)

لە پێناو خێراکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەمریکا. بڕیاریدا هێزی سەربازی خۆی بۆ ناوچەکانی کوردستانی عێراق بنێرێت، بڕیاری ناردنی هێزی سەربازی ئەمریکا حکومەتی عێراقی هێنایە دەنگ، لەو بارەیەوە لە ستونێکی ڕۆژنامەی "الثورة" زۆر بەتوندی سەرکۆنەی ناردنی هێزی ئەمریکی کرد، هاوکات ئەو بڕیارەی ئەمریکای بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق لە قەڵەمدا، بۆیە داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد ، ئەمیرکا هێز ڕەوانەی خاکی عێراق نەکات، چونکە عێراق ئەندامە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام ئەمریکا، هێزەکانی خۆی ڕەوانەی کوردستانی عێراق کرد.( جریدة الثورة، 21 نیسان /1991،)

لەسەرەتادا ئێران پێی باش بوو ناوچەی ئارام دروست بکرێت، چونکە ئەوە دەبووبە مایەی ئەوەی دەوڵەتی کوردی دروستنەبێت و کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، جگە لەوەش ناوچەکانی کوردستان، کە هاوسنوری ئێرانن لەژێر دەسەڵاتی عێراقدا نامێنێت، ئەوەش بۆ ئێران مایەی خۆشحاڵیە، چونکە ئێران پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هێزە کوردیەکاندا هەبوو، بەوەش دەتوانێت دەستوەردانی زیاتر بکات و باشتر بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێت، سەرباری هەموو ئەوانەش بەهۆکاری دەستوەردانی لە ناوچە کوردیەکان، ئێران پێگەی بەهێزتر و عێراق لەبەرامبەریدا لاواز دەبێت.( حق پنا، 1387، 198)

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ئێران، یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای پاراستنی خەڵکی کوردستانی کرد لە دەسەڵاتی بەعس، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین و سەپاندنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر عێراقدا، ئێران ترسی لێنیشت و پێیوابوو ئەو بڕیارە سوود بە بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی ناگەیەنێت،( حەمەکەریم، 2013، 96)، بوونی ئەمریکا، لە ناوچەکە بۆ ئێران مایەی نیگەرانی بوو، چونکە بە بڕوای ئێران، ئەمریکا لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، سیاسەتێکی دوژمنکارانەی دەرهەق بە وڵاتەکەی پەیڕەو کردووە ، بۆیە ڕەنگە لە مەودای ناوەندیدا بەرژەوەندیەکانی ئێران و ئەمنی نەتەوەیی ئەو وڵاتە لە سنوری ڕۆژئاوای وڵاتەکەی بکەوێتە بەر مەترسی، بوونی ئەمریکا لە باکوری عێراق دەبێتە مایەیە نا ئارامی بۆ ئەو ناوچانەی کە هاوسنوری ئێرانن.( شیخ نشین، قدیمی، 1391، ص 76؛ محمدی، 1398، 76)

ئێران کۆمەڵێك مەترسی لە بوونی هێزی چەکوشی ئامادە لە بنکەی ئەنجەرلیکی تورکیا هەبوو، چونکە ئەم هێزە لە داهاتوودا هەڕەشە بۆ سەر سوپای پاسداران دروستدەکات.( حەمەکەریم، 2013، 96) جگە لەوەش هاتنی هێزی بێگانە بۆ ناوچەی کەنداو لە ژێر سەرپەرشتی ئەمریکا مایەی نیگەرانی بوو، چونکە پێیوابوو، ئەمریکا دوای گەشتنی بە ناوچەی کەنداو، بە بیانوی دروستکردنی نائارامی لە لایەن ئێرانەوە، وڵاتانی کەندا بە دوژمنی ئێران دەکات، هەروەها بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل لە ناوچەی خۆرهەڵای ناوەڕاست بپارێزێت و بەکردەییش کار لەسەر ئەوە دەکات،( یزدانی، صادقی، 20،1388) تەنانەت ئێرانیەکان وابیریان دەکردەوە کەڕەنگە ئەم ناوچەی دژە فڕینە ببێتە دەرفەتێك بۆ پارتە نەیارەکانی وڵاتەکەی لە نمونەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەی چالاکیەکانی خۆیان دژ بە وڵاتەکەی ئەنجام بدەن، جگە لەوەش دەرفەت بە ئەمریکا دەدات بۆ ئەوەی بە کردەیی بێتە ناوچەکەوە.( السن، 2013، 76-77)

پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین، ئێرانیەکان بە هۆکاری نزیکیان لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی عێراق، توانیان ئەو هەلە بقۆزنەوە و بەهۆکاری نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە ناوچەکە بەکردەیی هاتنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە. ئێران بۆی دەرکەوت لە ئەنجامی بڕیاری ناوچەی دژە فڕین، ئەوان باشتر دەتوانن ڕێگری لە پارتە کوردیە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران بکەن و چالاکی و جموجوڵیان سنوردار بکەن. جگە لەوەش لە ئەگەری کەوتنی ڕژێمی بەعس ئەوان ئاسانتر دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و دەستوەردان لە عێراقی دوای سەدام حسێن، بکەن ( حق پناه، 1387، ص 181) هەر بۆیە ئێران بەشێك لە هێزە شیعییە ئۆپۆزسیۆنەکانی سەر بە سوپای بەدرو و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کۆکردەوە و  بە هاوکاری هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، نوێنەرایەتی لە شاری سلێمانی بۆ کردنەوە تاوەکو لە چالاکی بەردەوامبن.( حق پناه، 1387، 179)

بۆ دڵنیاکردنەوەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد، لە ڕۆژی 4ی تەموزی 1991 جەنەراڵ شالی کاشفیلی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی هاوپەیمانان سەردانی ئامێدی کرد، لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ تاڵەبانی و بارزانی پەیامی کۆشکی سپی پێگەیاندن کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بە بەردەوامی چاودێری ناوچەکە دەکەن، ئەوەشی ڕاگەیاند کە هێزەکانی هاوپەیمانان دەکشێنەوە، بەڵام دڵنیایی ئەوەیدا لە ئەگەری هێرشی عێراق ئەوا ڕاستەوخۆ لێی دەدرێت، جگە لەوەش ناوەندێکی هەماهەنگی لە زاخۆ دادەمەزرێنن بە مەبەستی چاودێریکردنی بارودۆخەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە کوردیەکان.( بارزانی، ،2022بەرگی پێنجەم، 106-107)

دوای دەرچونی بڕیاری 688 ی نەتەوەیەکگرتوەکان بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئەوەی لەژێر فشارێکی گەورەی ڕژێمی بەعسدابوو، بەهاوکاری هاوپەیمانی دژ بە عێراق بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان  سەرکەوتوو بوو لە پێشنیاری دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات.( فرزین راد و دیگران، 1398، 196)

## ئەنجام

- ئێرانیەکان هەر لەسەرەتاوە دەرگای سنوری وڵاتەکەیان خستە سەر پشت لەبەردەم ئاوارە کوردەکان، ئەوەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاوارەی ئەو وڵاتە بن، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا هاوسۆز بوو بۆ ئاوارە کوردەکان، بەڵام بەهۆکاری خراپی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، یارمەتی پێوستی نەگەیاندە ئەو کوردانەی ئاوارەی ئەو وڵاتە بوون.

- ئەو دۆخە نالەبارەی بەسەر کورددا هات وڵاتانی دونیا و ئەمریکاشی ناچار کرد بێنە سەر خەت و بڕیار لە پاراستنی خەڵکی کوردستان بدەن، لە ڕێگەی بڕیارەکانی تایبەت بە پاراستنی گەلی کورد لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بەناوی بڕیاری 688، دواتریش بڕیاری ناوچەی ئارام بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیلی کورد لە هەر دەستدرێژیەکی حکومەتی عێراق، ئەمریکا ڕۆڵیکی گەورەی هەبوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنیی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان.
- لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا ئێران بۆ خۆی داوای پاراستنی خەڵکی سڤیلی کوردستانی عێراقی کرد،بۆ ئەو مەبەستەش چەند بیرخەرەوەیەکی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد بەڵام کاتێك بینی هێزی سەربازی ئەمریکا دێت بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق نارەزایی دەربڕی و پێی وا بوو بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی دەکەوێتە مەترسیەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


ئەحمەد، زوبێر ڕەسوڵ ،(2020)، بنەمای پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی سێیەم، ژمارە3.

حەمە کەریم، هێرش عەبدوڵلا، (2013)، پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا 1991-2003، ناوەندی ڕۆشنبیر و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ئێران.

داغلی، فەیسەڵ، (بێ ساڵی چاپ)، براکوژی-شەڕی ناوخۆی کورد( پەلامارییەکانی پەدەکە،یەنەکەو سوپای تورکبۆ سەر پەکەکە)، وەرگێڕانی ڕێبوار هەمەوەندی، بێ شوێنی چاپ.

ڕەشید، سەڵاح ،( 2022)، بروسکەنامە، نامە و بروسکەی نێوان مام جەلال، مەسعودبارزانی و نەوشیروان مستەفا 1990-2009، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.

ڕەشید، سەڵاح،( 2017)، مام جەلال-دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

عەبدولقادر، فەرەیدونن، (2020)، هەڵۆسوورەکانی قەندیل، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

کوردە، عبدالرحمن علی،( 2018)، کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان، باڵی خێرخوازی بەرەی کوردستانی و هەندێ لە بیرەوەریەکانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

لازاریف م.س.......ئەوانیتر، (2008)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی عبد حاجی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، هوشیار عبداللە سەنگاوی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

محۆ، لوقمان ، نەهمە،مایکێل ،(2011)، مێژوو میراتی پشتیوانی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کورد، لەکتێبی سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستان لەڕوانگەی پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی، وریا ڕەحمانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

مك داول، دیوید،( 20008)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی بۆفارسی، ئیبراهیم یونسی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، حامید ڕەشیدی ڕەزرا، چاپی ئەلیکترۆنی.

میهۆ، لوکمان ،( 2009)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا(بەشی یەکەم، کوردستانی عێراق)، وەرگێڕانی ، وریا رەحمانی،دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.


### سەرچاوە عەڕەبییەکان


جاليان، جيرارد ،( 2012)، شعب بلا وطن، الكرد وكردستان، ترجمة، عبدالسلام النقشبندى، مطبعة اراس، اربيل.

الحمدانى، حامد ، (2011)، صدام والفخ الامريكى، غزو الكويت وحرب الخليج الثانية(1990-1991)، مركز المحروسة للطباعة والنشر، القاهرة.

خاروداكى، ماريانا، (2011)، الكرد والسياسة الخارجية الامريكية العلاقات الدولية فى الشرق الاوسط منذ 1945، ترجمة، خليل الجيوسى، دار لافارابى، بيروت لبنان.

الدهان، ناجى خليفة جاسم ،( 2022)، كى لا يظلمنا التاريخ، الدفاع الجوى العراقى فى مواجهة احدث قدرات جوية عالمية لفترة 1991-2003، دار الاكاديميون للنشر والتوزيع، الاردن.

راندال، جوناثان ،(2007)، امة فى شيقاق،دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة، فادى حمود، دار النهار للنشر، بيروت.

السلمى، احمد سليمان،( 2015)، الورقة الكردية فى يد قوى العالمية، مركز دراسات الاستراتيجية لشؤن العالم الاسلامى، نسخة الكترونية.

العزاوى، دهام محود،( 2009)، الاحتلال الامريكى للعراق وابعاد الفيدرالية الكردية، دار العربية للعلوم الناشرون، مركز الجزيرة للدراسات، دوحة.

عونى، درية، (1993)، عرب واكراد خصام ام وئام، دار الهلال، مصر.

عيسا، حامد محمود، (2005)، القضية الكردية فى العراق من الاحتلال البريطانى الى الغزو العراق 1914-2004، مكتبة مدبولى، عربيه للطباعة والنشر، القاهيره.

مخول، موسى ،( 2013)، الاكراد من العشيره الى الدولة، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت، لبنان.

هاشم، جواد،( 2017)، مذكرات وزير عيراقى، ذكريات فى السياسة العراقية 1967-2000، دار المدى.


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان


Peter j. Lambert,( 1997) THE UNITED STATES AND THE KURDS: CASE STUDIES IN UNITED STATES ENGAGMENT, NAVAL POSTGRADUATE SCHOOL Monterey. California, Phebe Marr, Ibrahim al-Marashi, (2017) THE MODERN, HISTORY OF IRAQ, California State University, San Marcos.

Sebastian Bauer, Kurdish political parties in Irak, in Book THE KURDS, History - Religion - Language – Politics, Published by, Wolfgang Taucher, Mathias Vogl, Peter Webinge, Print Austrian Federal Ministry of the Interior


### چاوپێکەوتن


چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، شوێن، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سلێمانی، بەروار 2022/7/3.

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، مەحمود عوسمان، ئەندامی شاندی دانوستانکاری بەرەی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی عێراق لەساڵی 1991، هەولێر، بەرواری چاوپێکەوتن، 2023/1/26.

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، فەرەیدون عبدوالقادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکێك لە ئەندامانی شاندی دانوستانکاری بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئێران و حکومەتی عێراق، سلێمانی 2022/11/8.

**سەرچاوە فارسییەکان**

**گۆڤاری زانستی**

جفره، منوچهر ، منتی، ایوب ، رهگوبی، محمد،( 1390)، سیاست خارجی آمریکا و کردهای عراق، فصلنامه علمی ت پژوهشی علوم سیاسی و روابط بینالملل،دوره 4، شماره14، خرداد.

حق پنا،جعفر، ( 1387)، کردها وسیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، مؤسسه فرهنگی مطالعات وتحقیقات بین المللی ابرار معاصر، تهران.

رضا، محمدی حمید، حسین، خالدی، ندیمه، سلیم نژاد، (1389)، خودگرداني شمال عراق و تأثيرات آن بر حركتهاي قومگرايانه پيراموني، فصلنامه ژئوپليتيك ـ سال ششم، شماره اول .

محمدی، صمد،( 1398)، بررسی نقش آمریکا و اسرائیل در تحولات اخیر اقلیم کردستان عراقوتاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، پایان نامه دکترای منتشر نشده، دانشگاه پیام نور،دانشکده حقوق و علوم سیاسی، قزوین.

**گۆڤارە عەرەبییەکان**

عبد الناصر، وليد،( 1997)، اكراد العراق وتأثير البيئتين الاقليمية والدولية،الاهرام، السياسة الدولية، السنة الثالثة والثلاثون، العدد127.

قمحة، احمد ناجى،(1996)، اكراد العراق: الواقع والمستقبل، مجلة الاهرام، السياسة الدولية،السنة الثانية والثلاثون، العدد 126، القاهره.

محمود، محمد صلاح ، (بدون سنة النشر)، الاتفاقات الامنية المعقودة بين ايران وتركيا (دراسة فى اسباب والنتائيج)، مركز الدراسات الاقليمية، دراسات اقليمية8،(23).

**رۆژنامە عەرەبییەکان**

جريدة الجمهورى، (10نيسان/1991)، العدد 7850،السنة الرابعة والعشرون. بغداد جمهورية العراق.

جريدة الثورة ،( 21 نيسان /1991)، العدد، 7600. جريدة حزب البعث العربى الاشتراكى.

**رۆژنامە فارسییەکان**

روزنه اطلاعات ،( تایخ 16 اردیبهشت 1370 )، شماره19319.

روزنامه اطلاعات، ،( تاریخ 16 اردیبهشت 1370), شماره 19319.

روزنامه اطلاعات، ،( تاریخ 21 اردیبهشت 1370), شماره 19323.

روزنامه جمهوری اسلامی،( 5ی فروردین 1370) ، شماره 3420, سال دوازدهم.

روزنامه جمهوری اسلامی، (10 فروردین 1370)، شماره 3424، سال دوازدهم.

روزنامه کیهان ، (تاریخ 31 فروردین 1370 ), شماره 14164.

**سایتی ئەلیکترۆنی**

قرداغی،كامران، (2021/2/18), عندما "طعنت" أميركا الانتفاضة الكردية بـ"طائرات هليكوبتر قتالية"!، درج ميديا، لينك المقال https://daraj.media/66565/.